# بالاپۆشی ئافرەتی موسڵمان

[ کردي – کوردی – kurdish ]

## شێخ محمد جمیل زینو

وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حجاب المرأة المسلمة

« باللغة الكردية »

محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# بالاپۆشی ئافرەتی موسڵمان

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

خوای گەورە لەبارەی پالاپۆشی ئافرەتانەوە فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا ﴾ [ النور: ٣١ ].

واتا : ئەی پەیامبەر( صلى الله عليه وسلم ) بەژنەکانت، کچەکانت وژنانی بڕوادار بڵێ : بالاپۆش و عاباکانیان بپێچن بە خۆیانا، بە شێوەیەك کە تەواوی سەرو مل و جەستەیان داپۆشێ. پێناسەیەك بۆ جیلباب: ئیبنی عەباس ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێت: جیلباب: ئەو جل و بەرگەیە تەواوی جەستە هەرلە پێ تا تەوقە سەر داپۆشێ؛ دەشکرێ بڵێیین: ئەو پارچە قوماشەیە کە ژنان بەسەر جل و بەرگەکانیاندا دەیپێچن بەخۆیاندا وەکو عەبا کە ژنانی عێراقیی بەکاری دێنن. بەڵێ ژنان هەرکاتێ لەماڵ چونە دەرێ بۆهەر ئیش و کارێکی پێویست، دەبێ ئەو (جیلباب)ـە

بەکار بهێنن و تەواوی سەرو مل و گەردن و سنگ و بەرەکیان پێداپۆشن هەتا دەگاتە قولە پێیان، بەکارهێنانی ئەو پارچە حیجابەش کە ئێستا لەناودایە جێی جیلباب دەگرێتەوە بەمەرجێك (میقنەعە) ی لەگەڵدابێ ئەو خۆداپۆشینەش لەبارترین شتە کە ئێوە بە پاك و خاوێنی و داوێن پارێزی بناسرێن و بەر قسەو بوختان نەکەون و ئازارو ئەزیەت نەدرێن، هەمیشەو بەردەوام خوا چاوپۆشیکارە بەرامبەر بەوانەی پێشتر درێغیان هەبووبێت زۆریش میهرەبانە لەگەڵ ئەوانەدا فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن .

خوایە گەورە باسی لە سەرپۆش و لەچکی ئافرەت کردووە و بە شێوەی فەرمان، فەرمانی کردووە پێیان لەچکەکانیان بدەن بەسەر سەر شان وملیاندا، وەك فەرموویەتی : ﴿ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ ﴾ [ النور: ٣١ ].

واتا : با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینەو ملیانداو جوانی و زینەتی خۆیان دەرنەخەن .

خوای گەورە بەهەموو شێوەیەك ڕێگری کردووە لەوەی ئافرەتان جوانی و زینەتی خۆیان وەك سەردەمی نەفامی بۆ پیاوان

دەربخەن، وەك فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى ﴾ [ الأحزاب: ٣٣ ].

واتا : وەك سەردەمی جاهیلیەتی زوو، زینەت و جوانی خۆتان بۆ پیاوان دەربخەن، ئەوەبوو ژنانی ئەوسەردەمە، بێ كاری پێویست لە ماڵەوە دەردەچوون و جوانیی وزینەتی خۆیانیشیان دەرئەخست بۆ كەسانی نامەحرەمی خۆیان .

چونكە ئافرەتانی سەردەمی نەفامی لەچكەكانیان دەدا بەسەریاندا، وچمكەكانیان دەدا بە پشتیاندا بەشێوەیەك گەردن وملی وسینە وئەو گوارانەی كە دەیانكردە گوێیان بەدەردەكەوت، بۆیە خوای گەورە رێگری لێ كردن لەوەها كارێك، فەرمانی پێكردن كە خۆیان جوان داپۆشن .

ئەمانەیش كە باسیان دەكەین لە خوارەوە مەرجەكانی پاڵاپۆشی و جلوبەرگی ئافرەتانن :

أ- دەبێت ئەو جلوبەرگە پاڵاپۆشە تەواوی لاشەی ئافرەت بگرێتەوە، هەندێك لەزانایانیش ووتویانە تەنانەت ڕوومەتیشیان .

ب- نابێت تەنك وشەفاف بێت، بەجۆرێك وەصفی لاشەی ئافرەت بكات، یان پێستی بەدیار بكەوێت .

ج- نابێت تەسك وتروسك بن، و ئەندامەكانی لاشەی ئافرەت دەرپەڕێنێت و قەڵەوی و سنگ ومەمكیان بەدەربخات .

د-نابێت بە جلوبەرگ وپۆشاكی ئافرەتانی بێباوەڕ بچێت، وەك پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرمویەتی : « من تشبه بقوم فهو منهم » [ أخرجه أبو داود وصححه الألباني ] .

واتا : هەركەسێك خۆی بچوێنێت بەهەر گەل وقەومێك ئەوە لەوانە .

هـ - نابێت وەك جلوبەرگی پیاوان بێت، چونكە لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) ڕێگری كردووە لەوەی ئافرەتانی باوەڕدار خۆیـان وەك پیوان لێ بكەن .

و- نابێت ڕەنگ وڕەنگ و گوڵدار وڕازاوە و سەرنج ڕاكێش بێت، باشتر وایە جلوبەرگ وپالاَ پۆشی ئافرەتان ڕنگیان ڕەش بێت .

سەرچاوە : كتێبی : تكريم الإسلام للمرأة

نووسینی : محمد جميل زينو